**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە ١٤٤٦٨ لە ٢٠٢٢/٧/٤**

## بەیانی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٢

## تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی کێشەدار لە رووی مەرجی سەلامەتی

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، و ئاماژە بە کۆنووسی لیژنەی پێکهاتوو بەپێی فەرمانی وەزاریمان ژمارە(٩٦٩١) لە٢٠٢٢/٤/٢٨ و پەسەندکردنی کۆنووسەکە لەلایەن هەردوو وەزیرانی ناوخۆ و دارایی و ئابووری ، سەبارەت بەو ئۆتۆمبێلانەی کە کێشەیان هەیە و هاتوونەتە ناو هەرێمی کوردستان و بڕوانامەی COC یان پێدراوە و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**ماددەی (١):**

**یەکەم** : تۆمارکردنی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە هێنراونەتە ناو هەرێمی کوردستان ، و کێشەی بچووکیان هەیە جگە لە (ئەوانەی کە ژێرئاوکەوتوو و بڕاوەو سووتاون) و بڕوانامەی (COC) یان پێدراوە .

**دووەم** : بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە تەنیا ئەو ئۆتۆمبیلانە دەگرێتەوە کە تا کاتژمێر (٣:٠٠)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە هاتوونەتە ناو هەرێمی کوردستان (داخڵ کراون) .

**سێیەم** : سزادانی کۆمپانیاکانی پشکنینی کواڵیتی کە بڕوانامەی(COC)یـن بۆ ئۆتۆمبیلەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە رێکخستووە بەپێی ماددەی (١٣) بڕگە یەکەم لە رێنماییمان تایبەت بە مەرجی سەلامەتی و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیڵی هاوردەکراو ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١ .

**ماددەی (٢):**

**یەکەم** : هەرئۆتۆمبیلێک لە دوای کات و رێکەوتی هاتوو لە بڕگەی دووەمی ماددەی یەکەمی ئەم بەیانە دەهێندرێنە ناو هەرێمی کوردستان بەدەر لە رێنمایی ژمارە(٧)ی ساڵی ٢٠٢١ی سەرەوە ئەوا لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ تۆمار ناکرێن و هەڵدەوەشێندرێنەوە .

**دووەم** : هەر ئۆتۆمبیلێک بەدەر لە رێنماییمان لەسەرەوە بڕوانامەی(COC) یان بۆ رێکبخرێت لەدوای کات و رێکەوتی هاتوو لە بڕگەی دووەمی ماددەی یەکەمی ئەم بەیانە ئەوا کۆمپانیاکانی پشکنینی کواڵیتی سزادەدرێن بە دوو بەرامبەری پێبژاردنەکانی هاتوو لە ماددەی (١٣) بڕگە یەکەم لە رێنماییمان ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١

**ماددەی (٣):**

ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و بڵاودەکرێتەوە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**